# بوارەكاني دەست پێشخەری بۆ كاری چاكە

م: جمعة على خورشيد
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی ئاشتی لە كەركوك

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**پێنجەم / زانست:**

فـــراوانترين بـــوار بـــۆ كـــاری چـــاكە، دەسپێشخەرىيە بـۆ فێربووونی زانست و لەدەســت نـــەدانی، چـــونكە پێـــشينە چـــاكەكان فێـــر كردنـــی منداڵـــەكانيان دوانەئەخست، بەڵكو هـەر لەگـەڵ ئـەوەی منداڵەكان زمانيان بگرتايە فێری ئـەوەيان ئـەكرد كەچـۆن وشـەی يەكخواپەرسـتی (لا إلـــه إلا الله) بڵـێن، لەپاشـان نوێـژ و ويـردە ئاسـانەكانيان فێـر ئـەكردن، وە دەسـتيان ئـەكرد بەلەبـەركردنی قورئـان پێيان .

پێويستە بزانرێت كەزانستە بە سوودەكان دەسپێـشخەری بـۆ بكرێـت بـە مەبەسـتی ڕەزامەندی پەروەردگار وە لابردنی نەزانی لەســەر خــۆی وخێزانەكــەی، لەپاشــان فێركردنــی موســڵمانان لــەو شــتانەی كــە شــارەزا نــين لــە ديــن و دونياياندا، لــە (المستدرك) ی ئيمامی حاكم دا هـاتووە لـە عبدالله كوڕی عباس ەوەﷺ ئەڵێت كـاتێ پێغەمبەر ﷺ وەفاتی فەرموو بـەپياوێكی ئەنصاريم ووت: وەرە بابچين پرسيار لـە هـاوەڵانی پێغەمبــەری خــوا بكــەين ﷺ، چونكە ئەوان ئەمرۆ زۆرن، ئەويش ووتـی: ئـای لـەتۆ ئـەی ئيبنـو عـەباس: وائـەزانی خــەڵكی پێويــستيان بــەتۆ ئــەبێت وە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ لەناويانن؟

(ابن عباس)رضي الله عنهما فـەرمووی: وازم لـێ هێنـا ودەستم كرد بەپرسيار كـردن لـەهاوەڵانی پێغەمبــەر ﷺ، جــاری وا هــەبوو پێيــان ئـــەوتم فـــلان كـــەس فەرموودەيـــەكی پێغەمبــەری خــوایﷺ لايــە ئەهاتمــە بــەر

دەرگاكەیان ئەویش لە چاشتە خەو بوو عەبایەكەم ئەكرد بەسەرین لەبەردەم دەرگاكەیان بایەكەش تۆز و خۆڵی ئەكرد بەسەرما، كەدەرئەچووە دەرەوە ئەیبینیم، ئەی ووت: ئەی ئامۆزای پیغەمبەری خوا ﷺ! چی تۆی هێنا؟ بۆ بەشوێنتا نەناردم بۆ ئەوەی من بێم بۆ خزمەتت، ئینجا من ئەم ووت نە جێی خۆیەتی من بێم بو خزمەتت .

فەرمووی لەپاشان پرسیاری فەرموودەكەم لێ ئەكرد، ئەو پیاوە ئەنصاریەیە لەژیاندا بوو تاوەكوو بینی خەڵكی لەدەورم كۆ ئەبوونەوە وپرسیاریان لێ ئەكردم، ئینجا ئەیووت: ئەو گەنجە لەمن ژیر تر بوو[1] .

كەواتا هەر كەسی بزانێ ئەم دونیایە خانەی پێشبڕكێ ودەستخستنی پلەو پایە بەرزەكانە، وەهەر چەندە پلەی بەرز بێتەوە لەزانست و كرداردا، ئەوە پلەی بەرز ئەبێتەوە لەخانەی پاداشت دانەوە . ئەوە كاتی خۆی بەدەست دێنی تەنها یەك چركەیەكیش بەفیڕۆ نادات، وەدەست هەڵناگرێ لە هیچ چاكەیەكیش كەبتوانێ دەستی بخات .

هەر كەسێ خوای تەعالی موەفەقی بكات بۆ ئەم هەست پێ كردنە بادەسپێشخەری بكات لە فێربووندا وە بائارام گربێت لەو رێگایەدا، چونكە لەوانەیە تووشی هەژاری و چەندەها تەنگ و چەڵەمەی تر بێت، تاوەكو ئەگات بەئامانجی خۆی .

هەروەها پێویستە دڵسۆز و نییەت پاك بێت لەبەدوا گەڕانی زانست دا وكردەوەی پێ بكات، چونكە ئەگەر ئیخلاص نەبێت ئەوە كاتی بەفیڕۆ داوە وپاداشتی لەدەست چووە، وەئەگەر كاری پێ نەكات ئەوە لەرۆژی دوایدا ئەبێت بە بەڵگە لەسەری وتوشی سزا ئەبێت .

هەر كاتێك دڵسۆز بوو لەفێربوونیدا ئەو كاتە ئەو زانستە بەرەو خوا ئەیبات ....

هەروەها با دوور بێت لەتێكەڵ بوونی خەڵكی تائەتوانێت بەتایبەت عەوام، وە خۆی بپارێزێت لەگەڕان لەناو بازاڕەكاندا، چونكە لەوانەیە تووشی فیتنە بێت بەهۆی ئەو شتانە كەئەیبینێت، لەشوێنێكدا كۆشش بكات كەدوور بێت لەدەنگی خەڵكی، خۆی نزیك بكاتەوە

(١) (رواه الحاكم في المستدرك).

لەگەورە زانایان وخوا پەرستان، کاتەکانی بقۆزێتەوە لەچاکترینی کارەکان[٢]

## بۆچی ئەم پێشبڕکێیە لەفێرخوازی دا ؟

پێشبڕکێ لەبەدوا گەڕانی زانست دا بەروبوومی چاك و سەرئەنجامی مەزنی هەیە لەوانە:

* زانستی ڕاست لەمیراتی پێغەمبەرانە (علیهم الصلاة والسلام)، ئەبو دەرداء ﷺ لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ئەگێڕێتەوە فەرموویەتی: (إن العلماء ورثة الأنبياء، إن الأنبياء لم يورثوا ديناراً ولا درهماً، إنما ورثوا العلم فمن أخذ به أخذ بحظ وافر)[٣].

* زانست ڕێگەی بەهەشتە، لە ئەبو هورەیرەوە ﷺ هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(من سلك طريقاً يلتمس فيه علماً سهل الله به طريقاً الى الجنة)[٤].

* جێی ڕەزامەندی مەلائیکەکانە، (وإن الملائكة لتضع أجنحتها رضاءاً لطالب العلم)[٥].

* خەڵکی داوای لێ خۆشبوون ئەکەن بۆ زانا، (وإن العالم ليستغفر له من في السموات ومن في الأرض حتى الحيتان في الماء)[٦].

* پلەی زانا بەرزترە لەو کەسەی هەر خەریکی عیبادەت کردنە، (فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب)[٧]، چونکە زانا عیبادەتی خوای تەعالی ئەکات بەچاو ڕۆشنی و بەبەڵگەوە، وە هەروەها بانگەواز ئەکات بۆ لای خوای گەورە بەو زانیارییەی کە

(٢) بڕوانە (الأداب الشرعية لابن مفلح).

(٣) بەشێك لەو فەرموودەیەی کە ( ابن ماجة ) ڕیوایەتی کردووە: (٢١٩)، وصححه الشيخ الألباني في: (صحيح سنن ابن ماجة: ٢٢٣، وصحيح الجامع الصغير: ٦٢٩٧).

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ..

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

(٦ ) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

(٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو .

هەیەتی، چونکە زانستی ڕاست ودروست ترسی خوا پەیدا ئەکات لەدڵی خاوەنەکەی:

﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾

[فاطر: ٢٨] .

واتا: بەڕاستی لەناو بەندەکانی خوادا تەنها زانایان ـــ وەك پێویست ـــ لەخوا ئەترسن بەزانیارییەوە .

وەپێش هەموو شتێك چونکە فێربوونی عیلمی شەرعی فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك:

(طلب العلم فريضة على كل مسلم)[٨] .

هەر کەسێکیش زانا بێت لەهەڵە وتاوان وکەم وکوڕی بەدوور ئەبێت، وە ئەو زانستە ئەیپارێزێت، بۆیە زانست لەپارە وپول چاکترە، چونکە زانست ئەتپارێزێت بەڵام تۆ پێویستە پاسەوانی و پاریزگاری ماڵ وسەروەت و سامانت بکەیت .

(٨) السراج المنير في ترتيب أحاديث جامع الصغير: ٢٤٠، وصححه الشيخ الألباني في: (صحيح سنن ابن ماجة: ٢٢٤، وصحيح الترغيب والترهيب: ٧٢).

## شەشەم/ چاکەکاری لەگەڵ خەڵکیدا:

لەگەورەترین بوارەکانی دەسپێشخەری بۆ چاکەکاری پێشبڕکێ کردنە بۆ چاکە کردن لەگەڵ خەڵکیدا، ئیحسان وچاکە واتە بەرزترین پلەکانی هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ پەروەردگاردا هەروەها لەگەڵ خەڵکیدا، بۆیە خوای تەعالی هانی داوین بۆی لەقورئاندا

﴿وَأَحْسِنُوٓاْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ﴾

[البقرة: ١٩٥] .

واتا: چاکە بکەن بەڕاستی خوا چاکەکارانی خۆش ئەوێ .

هەروەها شەدادی کوڕی ئەوس رضي الله عنه فەرمووی: دوو شتم لە پێغەمبەری خواوە ﷺ لەبەر کردووە فەرمووی:

(إن الله كتب الإحسان على كل شيء فإذا قتلتم فأحسنوا القتلة، وإذا ذبحتم فأحسنوا الذبحة، وليحد أحدكم شفرته ويرح ذبيحته)[٩] .

واتا: خوای پەروەردگار لەسەری نووسیوین کەلەگەڵ هەموو شتێك دا چاکە

(٩) (مسلم / ١٩٥٥).

بكەین، جا ئەگەر كەسێك یان ئاژەڵێكیان كوشت بەجوان ترین شێوە بیكوژن، وەئەگەر ئاژەڵتان سەربڕی، جوان سەری ببڕن چەقۆكەشتان چاك تیژ بكەن، وە سەربڕاوەكەش تەواو بحەوێتەوە .

كەوا بوو دروست نییە ئازاردان وئەتك كردنی هیچ گیاندارێك .

هەروەها چاكە كردن پێویست و واجبە كەجێ بەجێ بكرێت، وەك چاكە كردن لەگەڵ دایك وباوكدا، یان واز هێنان لەحەرام كراوەكان وەك وازهێنان لەخواردنەوەی مەی (ئەرەق) ......

وە پێویستە چاكە بكرێت لەگەڵ ئەو گیاندارانەی كەپەروەردگار بۆ ئێمەی ژێربارو موسەخەر كردووە، وەك ئەوەی باری زۆر گرانی لێ نەدرێت، یان ئەوەندە بدۆشرێت كەبێچووەكەی برسی نەبێت .

وەئەو چەقۆیەی كەبەكار دێت بۆ سەربڕین تیژ بێت، وەلەبەر چاوی ئاژەڵەكەش چەقۆكە تیژ نەكرێت، وەدوای سەربڕین وازی لێ بهێنرێت تاوەكو تەواو گیانی دەرئەچێ، ئەم چاكەكاری یانە هەمووی ڕێنمایی شەریعەرتی پیرۆزی ئیسلامە ......

شێخی سەعدی(رەحمەتی خوای لێ بێت) ئەڵێت: چاكە كردن دوو جۆرە: چاكە كردن لەعیبادەتی خالق، وە چاكە كردن لەگەڵ مەخلوق، وەچاكەی یەكەم كە لەگەڵ پەروەردگار دایە پێغەمبەر ﷺ روونی كردەوە بەفەرموودەی:

(أن تعبد الله كأنك تراه، فإن لم تكن تراه فإنه يراك)[10] .

واتا: بەشێوەیەك خوا بپەرستی وەك ئەوەی كە ئەیبینی، ئەگەر تۆش ئەو نەبینی ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەو تۆ ئەبینێ .

بەلام چاكە لەگەڵ خەڵكیدا ئەوە گەیاندنی سوودو قازانجی دینی و دونیاییە پێیان، وەدوور خستنەوەی زەرەر و خراپەی دینی ودونیاییە لێیان، ئەویش وەك فەرمان بەچاكە كردنیان ونەهی كردنی خراپە كردن لێیان، فێركردنی نەزانەكانیان ودڵسۆزی وئامۆژگاری كردنی عەوام وكاربەدەستان وهەوڵدان بۆ یەكخستنی ریزەكانیان ویارمەتی دانیان بەگویرەی توانا وتەحەمول كردنی ئەزیەتیان[11] .

---

(١٠) (رواه البخاري ومسلم ).

(١١) (تفسير السعدي / آل عمران : ١٣٤ ).

بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ نموونەیەکی بێ وێنە بوو بە چاکەکردنی لەگەڵ خەڵکیدا و بەخزمەت کردنیان، لە (مسند) ی ئیمام ئەحمەددا هاتووە لەکچێکی خەبابەوە رضي الله عنه ئەڵێت: خەباب رضي الله عنه چوو بۆ غەزا! پێغەمبەر ﷺ سەردانی ئەکردین هەتا بزنێکمان هەبوو بۆی ئەدۆشین، ئەڵێت: ئەیدۆشی تاوەکو قاپەکەی پڕ ئەکرد وەکاتێ خەباب رضي الله عنه گەڕایەوە شیرەکەی وەك جارانی لێ هات، پێمان ووت: پێغەمبەر ﷺ ئەیدۆشی تا وەکو پڕ ئەبوو، بەلاَم کاتێ کە تۆ دۆشیت شیرەکەی گەڕایەوە.

وە پێغەمبەر ﷺ کاتێ هانی ئوممەتەکەی ئەدا لەسەر چاکە کردن لەگەڵ خەڵکیدا فەرمووی:

(من نفَّس عن مؤمن كربة من كرب الدنيا نفَّس الله عنه كربة من كرب يوم القيامة، ومن يسّر على معسر يسر الله عليه في الدنيا والآخرة، ومن ستر مسلماً ستره الله في الدنيا والآخرة، والله في عون العبد ماكان العبد في عون أخيه)[١٢] .

## ئایا بۆ چی چاکەکردن لەگەڵ خەڵکیدا ئەم هەموو پاداشتەی لەسەرە؟

بەڕاستی چاکەکاری لەو کردەوانەی قازانجەکەی تێئەپەڕێت بۆ خەڵکانی تر، پلە و پایەکەی زۆر بەرزە و نایەتە ژماردن، چونکە هەر جۆرە چاکەیەك لەگەڵ خەڵکیدا، فەزڵ وپلەی خۆی هەیە، بۆ نموونە:

*چاکە کردن لەگەڵ خەڵکیدا خاوەنەکەی پاداشت ئەدرێتەوە بەچاکە کردنی خوای گەورە لەگەڵیدا، هەر وەك چۆن هاتووە لەفەرموودەکەی سەرەوەی ئیمامی موسلم .

*چاکە کردن لەگەڵ خەڵکیدا خۆشەویست ترین کردارەکانە بەلای پەروەردگارەوە، لە عبد الله کوڕی عومەر (ڕەزامەندی خوایان لێبێت)، کابرایەك هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا چ خەڵکانێك خۆشەویسترن بەلای پەروەردگارەوە؟ وە چ کردەوەیەك خۆشەویسترە بەلای

(١٢) (رواه مسلم /٢٦٩٩).

پــەروەردگارەوە؟ پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرمووی: (خۆشەویست ترین کەس بەلای خــواوە ئــەو کەســەیە کــە زیــاتر ســوود و قـــــازانج بەخـــــەڵکی بگــــــەیێنێت، وەخۆشەویست ترین کـردار بـەلای خـواوە خۆشی یەك بخەیتە دڵـی موسـڵمانێکەوە، یان لە ناخۆشی یەك ڕزگاری بکەیت، یان قەرزێکی بۆ بدەیتەوە، یان برسییەتی لـێ دوور بخەیتەوە، وەئەگەر لەگەڵ برایەکمدا بـڕۆم بـۆجێ بـەجێ کردنـی کـارێکی پـێم خۆشــترە لــەوەی لــەم مزگەوتــەدا ــــ مزگەوتی مەدینەــ یـەك مـانگ ئیعتیکـاف بکــەم، وە هــەر کەســێ تــوڕەیی خــۆی گرتــەوە خــوای گــەورە ســتری عــەورەتی ئەکات، وهەر کەسێ ڕقی خۆی بخواتــەوە لەگەڵ ئەوەی کەبتوانی دەری ببڕێ خوای تــەعالی دڵـی پـڕ ئـەکات لـەهیوا و ئومێـد لـــەدوا ڕۆژدا، وەهـــەر کەســـێ لەگـــەڵ برایەکیـدا بـڕوات بـۆ جـێ بـەجێ کردنـی کـارێکی تـا تـەواو بێـت پـەروەردگار پێـی جـێگیر ئـەکات لەڕۆژێکـدا کـە پێیـەکان ئەخلیسکێن) ( وروي عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما أن رجلا جاء إلى رســـول الله ﷺ فقال يا رسول الله أي الناس أحب إلى الله؟ فقال أحب الناس إلى الله أنفعهـــم للناس، وأحب الأعمال إلى الله عز وجـــل سرور تدخله على مسلم تكشف عنه كربة أو تقضي عنه دينا أو تطرد عنـــه جوعـــا، ولأن أمشي مع أخ في حاجة أحب إلي من أن أعتكف في هذا المسجد يعني مـــسجد المدينة شهرا، ومن كظم غيظه ولو شاء أن يمضيه أمضاه ملأ الله قلبـــه يـــوم القيامـــة رضى، ومن مشى مع أخيه في حاجة حـــتى يقضيها له ثبت الله قدميـــه يـــوم تـــزول الأقدام)[١٣] .

*ســوودی چـاکە کـردن لەگـەڵ خەڵکیـدا تەنها بۆ دوا ڕۆژ نییە، بـەڵکو لەدونیاشـدا ســـوودی پـــێ ئـــەگات بـــەهۆی چـــاکە

(١٣) (رواه الأصبهاني واللفظ له، ورواه ابن أبي الـــدنيا، رواه الطبراني في الكبير: ( ١٢ / ٤٥٣)، وصححه الألباني في: (صحيح الترغيـــب والترهيـــب: ٢٦٢٣، والسلـــسلة الصحيحة: ٩٠٦).

کردنەوەکەیەوە، ئەبو هورەیرە ﷺ ئەڵێت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (هیچ رۆژێك نییە کەبەسەر بەندەکاندا دێت ئیلا دوو مەلائیکە دائەبەزن یەکێکیان ئەڵێت: پەروەردگار هەر کەسێك ماڵی ئەبەخشێ بۆی پڕ بکەیتەوە ....)[١٤].

*چاکە کردن لەگەڵ خەڵکیدا خێر و بێری دونیا رائەکێشێ وپەروەردگار پشتیوانی لەخاوەنەکەی ئەکات لەکار و باری دونیایدا، لە( صحیح مسلم ) دا هاتووە لە ( أبو هريرە ) وە ﷺ، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لەکاتێکدا پیاوێك لەچۆڵەوانییەکدا بوو گوێی لە دەنگێك بوو لەناو هەورێکدا: باغی فلان کەس ئاو بدە، ئەو هەورە دوور کەوتەوە وباری بەسەر ناوچەیەکی بەردەلانیدا لەپاشان چووە ناو جۆگەلە ئاوێك کە هەموو ئاوەکەی گرت، ئەم پیاوەش دوای ئەو ئاوە کەوت، بینی پیاوێك لەناو باخەکەی خۆیەتی وبە بێڵەکەی ئاوەکەی خستە سەر زەوی یەکەی، پێی ووت: ئەی بەندەی خوا ناوت چییە؟ ووتی: فلان، ئەو ناوەی کە لەناو هەورەکە بیستی، ئەمیش پێ ی ووت: ئەی بەندەی خوا، بۆ پرسیاری ناوم ئەکەیت؟ ووتی من گوێم لەدەنگێك بوو لەهەورەکە، کە ئەمە ئاوەکەیەتی، ئەیوت باغی فلانە ئاو بدە بەناوی تۆ، پێم بڵێ چی ئەکەیت لەم باغەدا؟ ووتی: مادام وا ئەڵێیت ئەوا من سەیر ئەکەم چەندە بەرهەمی باغەکەمە، سێیەکی ئەبەخشم لە ڕێ ی خوادا، وە من و منداڵەکانم سێ یەکی ئەخۆین، وەسێ یەکی ئەکەم بەخەرجی ومەساریفی باغەکەم)[١٥].

وصلى الله وسلم على نبينا محمد
وعلى آله وصحبه أجمعين.

سایتی بەهەشت
www.ba8.org

(١٤) (رواه البخاري (١٤٤٢) ومسلم (١٠١٠ ).

(١٥) (رواه مسلم (٢٩٨٤ ).